کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-6-2007 15:12

# کچە پارێزەرێکی بارزانی تاجی مەزڵوومیەتی لەدادگادا لەسەرخۆی و میلەتەکەی نا....مستەفا قایتەوەنی

کوردی ناتۆر لەکەرکوک – تکریت

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی دوای چەندجار لەدواخستنی دەرئەنجام بەرواری 2007/6/24 بووە



ئەو ڕۆژەی کەهەرگیزلەمێژوودا لەبیرناکرێت ئەویش بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی شاڵاوی ڕەشی ئەنفالە، کە تەواوی گەلی کوردستانی لەناخەوە هەژاند ئەو هەژاندنە نەك سۆزی تیابوو بەڵکو ئەوهەژانەبوو کەخەڵکی کوردستان بەچاوی خۆیان ئەو تاوانبارانەیان بینی کە ڕۆژانێك بوو لەسەردەمی دەسەڵاتی تۆتالیتاری بەعسدا کوشتن و بڕین و زیندە بەچاڵکردن کاری لەپێشینەیان بوو

لەو ساتانەی کە دادوەر (محمدالعریبی) دەقی تاوانی بۆتاوانباران دەخوێندەوە هەزاران ئافرەتی گەنج بۆمێردەکانیان و هەزاران دایکی جەرگ سووتاو بۆ ڕۆڵەکانیان و سەدان منداڵ و گەنجی ئەم وولاتە بۆباوك براو کەسە نزیکەکانیان بەدیارخوێندنەوەی دەقی سزای تاوانبارانەوە چاوەکانیان پڕبوو لە گریانی خۆشی و سۆزو میهرەبانی بۆئەو پەپوولانەی کەلەبەر کوردبوون وەبەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن بڕینی نۆزدە ساڵەی کوردستانیان کولایەوە ئەو بڕینەی تاهەنووکەش خوێناوی لی دەچووڕی ئەو شاڵاوە بەدناوەی ئەنفال سەدان بووکی لەپەردەدەی بوکێنی دا ڕەش پۆش کردو سەدان و هەزاران منداڵی بی باوك و بی نازکرد، ئەنفال ئەو ووشەیە کەبەخوێنی ئەو مرۆڤە بی تاوانانە ئەمرۆی لی وەبەرهەم هات لەهەمووشی گرنگ تر ئەو پارێزانەی کەلەدادگادا داکۆکیان لەمافی ئەنفال و مەلەفی ئەنفال کرد کەس و کاری ئەنفال و پاشماوەی ئەو خانەوادانەن لەدانیشتنی کۆتای خوێندنەوەی سزای تاوانبارانیشدا (خاتوو هەدارخان) ئەو کچە بارزانیەی پاشماوەی خانەوادەیەکی ئەنفالکراوەوە بووە سیمبولێك لەجیهاندا وەك پارێزەرێك تاجی مەزلوومیەتی کردە سەرخۆی میلەتەکەی و بەتایبەتیش پۆشینی ئەوجل و بەرگە کوردیەی لەو دانیشتنەداکە دا وەك پارێزەرێك سەرنجی زوومی کامێرای میدیاکانی جیهان و کوردستانیشی بەلای خۆیدا پەلکێش کردئەو تاجەش لە (خاتووهەداربارزانی) وەك پارێزەرو کچە ئەنفالێك و لەهەموو کوردستانیانیش پیرۆزبێت کوردیش دەمێکە وتویەتی (زاڵم زەواڵت بۆبێت) عاقیبەت هەموو زاڵم و ستەم کارێکیش ئەوچارەنووسە چاوەڕوانی دەکات.... .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.